

# له کاکی هیرانەوە
# بۆ حاجی خدری باپیرم!



**ئامادەکردنی: شەفیقی حاجی خدر**

ئەم نامەیەی خوارەوە لە کاک عەلی، کاکی هیرانەوە (١٩٠٠-١٩٧٧) بۆ حاجی خدر ئاغای گرتکی باپیرم نێردراوە.

سافی، کاکی هیران (١٨٧٣-١٩٤٢) وەک شێخی تەریقەتێکی ناودار، دەروێش و مریدی زۆر لە باڵەکایەتی بەتایبەتیش دۆڵی ڕوستێ هەبوون و هەن، جێگەی باسە تەریقەتی قادری لەو دۆڵەدا بڵاوبوو. دۆستایەتیەکی باشیشی لەگەڵ هەردوو باپیرەم مەلا ویسی گرتکی ١٠٩٤-١٩٧٩ (باوکی دایکم) و حاجی خدراغەی گرتگی ١٩٠٩-١٩٩٩ (باوکی باوکم) و کەسایەتیەکانی ئەو دەڤەرەدا هەبووە. لەباوک و باپیرمەوە بۆیان گێڕاوینەتەوە کەوا شاعیری مەزن سافی هیرانی خۆی لە١٩٣٩ یان ١٩٤٠ سەردانی گوندی گرتکی کردووە و میوادی هەردوو باپیرەم بووە.

هەرچەندە ئەو باپیرەم کە یەکێکیان مەلایەکی بەناوبانگ و لە نەوەی ئیبن ئادەمی ناودار بووە، ئەوی دیکەشیان دەمڕاست و پیاوچاکی گوند و لە تیرەی باپیر پیرەباو(پیرەباب)ی ناسراو بووە، ئەوانە خۆیان دەروێشی کاکی هیرانی نەبوون، بەڵکو دۆست و برادەر بوون و جێگەی متمانەی یەکدی بوون، وەک لەو نامەیەش دەردەکەوێ کاکی هیرانی حەزی لە ڕاوە کەو بووە، ئەوەشی زانیوە کە حاجی خدراغەی گرکی جووتە کەوێکی باشی ڕاوی هەبووە بۆیە داوای لێکردووە، جووتەنێرەکەوەکەی بۆ بنێرێ.

وەک لە باوک و مام و کاکم بیستووە، ئەویش دوای نامەکە دەردەست جووتە کەوەکەی بە برایەکی خۆی بەناوی (دەروێش حاجی حوسێن) بۆ دەنێرێتە هیران.

ماڵی حاجی خدری باپیرم حەزیان لە ڕاوەکەو بووە، باش لەبیرمە نەوەک هەر لە گوند، بەڵکو لەگەڵ ڕاگواستنیشمان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی دیانا، باپیرم کەوی چاکی هەر هەبوون، دواتریش کە گواستییەوە بۆ هەولێر، کەوی مابوون، دوای ئەویش واحیدی کوڕی (مامم) لەکەوبازییدا جێگەی ئەوی گرتەوە، هێشتاش کەوی هەر ماون و زۆریش لەبارەی کەو و جیهانی کەو شارەزایە.


> **بەداخەوە ئەم نامەیەی کاک عەلی (١٩٠٠-١٩٧٧) کە دەکاتەی کوڕی سافی هیرانی هیچ بەروارێکی لەسەر نییە، بەڵام دوای بەدواداگەڕان و سۆراخکردن لە کاک کەرخی سامی، نەوەی کاک عەلی (کاکی هیران) و هەروەها لە مام واحید و ڕەقیبی کاکم، مێژووی نامەکە بۆ ساڵی ١٩٦٩ یان ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە..**

حاجی خدری باپیرم بەدەر لە دەمڕاستیی تیرەکەی خۆی لە گوندەکانی گرتک و سەریمارساوار و شلان، بەهۆی شارەزایی و مەعلانی لە دوو شتی دیکە زۆر بەهانای وندنشینانی تەواوی دۆڵی ڕۆستێ هاتووە، ئەویش وەستایەتی ئاشی ئاو (هەر لە دروستکردن و چاکردنەوە) چونکە خۆی خاوەن ئاش بوو، هەروەها لە شکستەش(بەیتارێکی زۆر نایاب بووە) بە دەگمەن وا هەبووە کەسێک بۆ شکستە چووبێتە لای ئەو سەقەت بووبێ.

جێگەی باسە بۆرە خوێندەوارییەکیشی هەبوو، قورئانیشی دەخوێندەوە.

جیگەی باسە کەو و کەوبازێتی لە بنەماڵەی کاکی هیرانیشدا مێژوویەکی قووڵی هەیە، هەر بۆ نموونە شاعیری مەزن سافی هیرانی لە غەزەلێکی ناوداریدا دەفەرمووێ:

یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لە مەرگی نەو دەکەم
شەو کە بێهۆشم لەتاوی وا مەزانە خەو دەکەم
بۆ شکاری مورغی وەحشی نەک هەڵۆ و شاهینم
عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم





کانی کـەوە یـان کانـی کـەو، کـە عەلـی مـەردان بـۆ شـیعرەکەی سـافی هیرانـی زیـاد کـردووە، لەزۆر شوێن هەیە، لە دۆڵی ڕوستێش کانیکەوە دەکەوێتە هەوراز گوندی شلانێ.

بەداخـەوە ئـەم نامەیـەی کاک عەلـی (١٩٠٠-١٩٧٧) کـە دەکاتـەی کـوڕی سـافی هیرانـی هیـچ بەروارێکـی لەسـەر نییـە، بـەڵام دوای بەدواداگـەڕان و سـۆراخکردن لـە کاک کەرخـی سـامی، نەوەی کاک عەلی (کاکی هیـران) و هەروەهـا لـە مـام واحیـد و ڕەقیبـی کاکـم، مێـژووی نامەکـە بـۆ سـاڵی ١٩٦٩ یـان سـاڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتـەوە، چونکـە لـە دوای ئـەو سـاڵە واتـە لـە ١٩٧٢ بەسـەرەوە دیـارە کاکـی هیرانـی نەخـۆش دەکـەوێ و وەک خـۆی گوتەنـی زەوق و هەوەسـی ڕاوەکـەوی جارانی نامێنێ.

**دەقی نامەکە بە ڕێنووسی ئێستا:**

**بۆ عەزیز و خۆشەویستی خۆمان حاجی ئەلحەڕەمەین حاجی خدر ئاغا**

**ئەم موحیبەتنامە عەرز و تەقدیم.**

لـە پـاش دوعـای دەوام و توحفـەی سـەلام و موحیبەتـی تەمـام لوتفـەن وە مەرحەمەتـەن، ئەحواڵـمان دەپرسـن، ئەلحەمدولیـلا ئێمـە هەمووەمـان سـاغ و سـەلامەتین و سـاغ و سـەلامەتی ئێوەش لە خودا و ڕەسوڵ و پیرانی هیران تەڵەب و تەمەننا و نیاز دەڵێین.

گیانـە لـەو دەمـە زێـدە زەوق و هەوەسـم لـە ڕاوی نێـرە کـەوە، جـا ئیسـترحام ئەکـەم لـە لوتفـی ئێـوە، یـەک جووتەکـەوی خۆشـخوانی جەنگئازمـودە و شـەڕکردە بەهـەر نەوعێ ممکـن بـێ، بـا حامـل کاغـەز مـام عوسـمانی خۆمـان بـۆ مـان ڕەوانـە بفەرمـووی، هیـچ عـوزر و بەهانـەش مەقبـول نییـە، لـە بـۆ مەعلومـات بەیـان بـوو، مەقبولـی سـەعادەت سـەید جەنابـی فەزائیـل مەئـاب و دیانـەت ئیکتسـاب جەنابـی مـەلا وەیسـی عـەرزی سـەلام ئیحتراماتـمان لەخزمـەت هەیـە وە جەمیـع مەحسـوبان و عازمانـی تەریقـەی عەلیـەی قادریـەی هیـران ئەحوالیـان دەپرسـم و هەمیشـە دوعـای باشـیان بـۆ دەکەیـن، خسوسـەن دەروێـش حوسـێن و وەستا ئەحمەد.

ئیتر دوعای دەوام، هەر بژین بۆمان وەلسەلام.

تێبینی:

* نامەکەی کاکی هیران بە شێوازیکی تێکەلی حەرەبی و فارسی ناسراوە.

* ئیمزاکـەی کاکـی هیـران لـەم وشـانە پێکهاتـووە (المحـي، المنـان، حاکـم الممالـك، لا الـه الا الله، محمد رسول الله).

* دەگوتـرێ ئـەو لەژێـر کاریگـەری نووسـینی فارسـی بـووە. هەروەهـا واژۆکەشـی زۆر هونەریانەیە، ئەو جۆرە واژۆیانەش کاتی خۆی باو بوون.

المحب لله خادیم الفقراء حاجی عەلی

بو عزیز خوشه‌ویستی خوما باجی الحرمای حاجی حیدر آغا

ئەم محبت نامه عرض تقدیم

له پاش دعای دوام وه تحفهٔ سلام وه محبت تمام لطفاً وه مرحمةً
احوالتان ده پرسن الحمدلله ایمه هیمان ساغو سلامتین وه ساغو
سلامتی ایوش لخدا و رسول ارای هرن طلب تمنا و نیازده‌کین
کیانه لو ده زنیده زوق هوسم له رای نیره کوه جا استرحام الم له لطف
الوه بکه جوته کوی خوشی حوان جنگ آزموده وه نشر کرده
سبر لوکی بمن بی با حامل کاغذ ام عثمان خوما [illegible] ان
بفرموی وه هیچ عذر و بهانه‌ش مقبول نیه لبو معلومات بیالبو
ده مقبول سعادت سیر جنابی فضائل مآب وه دیانت القاب
جنابی ملا ویس عرض سلام احترامات لخزمت هیه وه جمیع محسوبانو
مخلصان طریقهٔ علیهٔ قادریهٔ [illegible] احوالیان ده پرسم وه همیشه
دعای باشیان بوده‌کین خصوصاً درویش حسین وه وستا احمد امیر
دعای دوام هر بزانی بو مالان والسلام

[illegible]